# با.. بەهەمووما‌ن دیموکراسی پیش بخەین

جەماوەری ئازادی خوازی گەلی کوردستان

بیگومان دوژمن زیاتر لە هەوو شتیک لە دیموکراسی ئەترسیت. خە باتی دیموکراتیک لە دونیای نویدا چاکترین ئامرازە بو دەستەبەرکردنی مافە رەواکانمان.وەک ئاگاداریشن دوژمنانی گەل لە شارەکانی کوردستاندا ،بە تایبەت لە سنەو سەقز ومهاباد، دەستریژیان بەناو جەماوەری نارازیی گەلەکەماندا‌کردوە. هەر بویە پیویستە ئیمەی کورد بو داکوکیکردن و پشتیوانیکردن لە خواستە رەواکانمان خەلکی کوردستان،ئەمجارەیان بە جولانەوەیەکی دیموکراتیک و ئاشتیخوازانە نارەزایەتی خومان بەرانبەر بەو جینایەتانە دەر دەبرین. لیرەوە رادەگەیەنین کە تیکرای خەلکی شارەکانی روژهەلاتی کوردستان روژی : یەکشەممە[16ی گەلاویژیی 2705ی کوردی ریکەوت لەگەل[7ی ئووتی 2005ی زایینی] دووکان و بازار دادەخەین و بە مەعنای ئیعتیراز لە مالەکانی خومان نایینە دەری. پیویستە بوتری ئەم نارەزایەتی دەربرینە پیوەندی بە هیچ لایەن و هیزیکی سیاسییەوە نییە،دیارە هەندی لایەن ئەیانەویت بە ناوی خویانەوە تەواوی بکەن،بەلام رادەگەیەنین کە جوولانەوەی ئەمجارەی کوردستان جوولانەوەیەکی سەر بە خویە و هیچ هیز و لایەنیک بوی نییە بە سوودی خوی بیشکینیتەوە.داوا لە هەموو خەلکیش دەکریت بەستینی نارەزاییەکە لە چوارچیوەیەکی ئاشتیخوازانەو مەدەنیدا بیەلینەوە و ئیجازە بە هیزە سەرکوتکەرەکان نەدەن دەستیان بە خوینی رولەکانی کورد سوور بیت.ئەوەی ئاشکرایە ئەوان خوازیاری فەزایەکی ئالوزن تاکوو دەستیان بو کوشت و بر و قەتل وعام ئاوەلا بیت،کە وایە با بیانوو بە دەستی نەیاران و ناحەزانە وە نەدەین خەباتی روژی یەکشەممە مان ئیعترازیکە بە وازنەهینانی هیزە سەر کوتکەرەکان لە کردەوە دزیوەکانیان.

بروخی رژیمی کونە پەرەستی کوماری ئیسلامی

کومەلی لە لاوانی شاری مەریوان